## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان




### راپۆرتێک لەبارەی:

# نرخی کاڵا و شمەك لە بازاڕ و ڕۆڵی حکومەت لە دیارییکردنی

## پێشەکی

نرخـی کاڵا و شـمەک لە بازاڕدا یەکێکە لەو پرسـانەی کە بەلای هاوڵاتیانـەوە مایـەی گرنگپێدانە، چونکە زۆر بابەتی ناڕوون هەیە لەو ڕووەوە، بەتایبەتی لەوەی پەیوەندیی بە دەسـتی حکومەتەوە هەیـە لـە بـوارەدا، بەتایبەتـی تریش لـە دیارییکردنـی نرخ و چاودێرییکردنی دا.

ئەم ڕاپۆرتە بە پشـت بەسـتن بە ڕای هاوڵاتیان و کاسـبکاران و حکومەت و شـارەزایان، بەدواداچون بۆ ئەم پرسە لەسەر ئاستی خۆجێی گەرمیان دەکات.

## بەشی یەکەم: چوار پرسیار لەبارەی سیستەمی نرخ لە بازاڕ

### ١. چ سیستەمێکی ئابوری لە بازاڕی هەرێم دا بەرقەرارە؟

بازاڕی هەرێمی کوردسـتان لە زاری حکومەتەوە بە بازاڕی ئازاد ناودەبرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە: بازاڕی ئازاد چیە؟

بیابـان نوری، پسـپۆڕی ئابوری و دارایی و مامۆسـتا لە زانکۆی گەرمیان، لە وەڵامی ئەم پرسـیارەدا وتی: پێکهاتەی بازاڕی ئازاد جیاوازە کە دەکەوێتە سـەر خواسـت و خستنەڕو، واتا حکومەت هیـچ بەشـدارییەکی بەرچـاو ناکات لە بـازاڕدا، بەڵکـو بەرکەوتن لـە نێـوان خودی فرۆشـیار و کڕیـارە، بەڵام لە بـازاڕی هەرێمی کوردسـتان ناتوانین بڵێن بازاڕ ئازادە، دەبینین چاودێریی لەسەر هەندێـک بابەت هەیە و بەشـێکی دیکەشـی بـێ چاودێریە، بۆیە لەڕوی ئابوریەوە ناتوانین بەبازاڕی ئازادی دابنێین.

وتیشـی: لە بازاڕی ئازاد دا حکومەت هیـچ تەداخولێک ناکات لە ڕوی دیارییکردنی نرخەوە، بەڵکو دەستێکی شاراوە ڕۆڵ دەبینێت کە ئەویش خواست و خستنەڕوە لە نێوان کڕیار و فرۆشیار.

ڕونیشـیکردەوە: ئەمـە بـۆ جۆرەکانـی دیکەی بـازاڕ دەگۆڕێت، کە لە پێشـوتردا بازاڕی عێراق و هەرێم بازاڕێکی سۆسیالیسـتی «ئیشـتراکی» بو، لەوێدا حکومەت بەشداریی لە دیاریکردنی نرخ دەکرد لە بازاڕدا.

### ٢. بازاڕ ئازادە یان شێواوە؟

پسـپۆڕێکی ئابوری پێیوایە ئەوەی هەیە بازاڕی ئازاد نیە، بەڵکو بازاڕی شـێواوە، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتـی چاودێریی بازرگانی گەرمیانیش ڕەتیدەکاتەوە کە بازاڕ ئازاد نەبێت.

بیابـان نوری، پسـپۆڕی دارایـی و ئابوری و مامۆسـتا لەزانکۆی گەرمیـان، وتی: بـازاڕی عێـراق و هەرێمی کوردسـتان بازاڕێکی شـێواوە، چونکـە ناتوانیـن بنەماکانی هیچ جۆرە سیسـتەمێکی بەسەردا بچەسپێنین.

«ئابوری هەرێمی کوردسـتان لە هیـچ تیۆرێکدا جێگەی نابێتەوە چونکە ئەوەندە ئاڵۆزن، بەشـی هەرە زۆری پێداویسـتیەکان هی دەرەوەی وڵاتن، بەمەش ناتوانرێت کۆنترۆڵی تەواو بکرێت بەسەر پێداویستیەکان دا». بیابان نوری، وای وت.

ڕای بەڕێوبـەری چاودێریی بازرگانی گەرمیـان پێچەوانەیە لەگەڵ وتەی ئەو پسپۆڕە ئابوریە.

حیکمـەت ئەحمەد، وتی: بـازاڕ ٪١٠٠ بازاڕێکی ئازادە، پێمانوانیە ئەوەی دەوترێت کە بازاڕی ئازاد شـێواوی دروستکردوە بەوجۆرە بێت، بە پێچەوانەوە دەبێت بەڵگە لەبەردەستدا هەبێت.

داکۆکی لە بازاڕی ئازادیش کرد و وتی: باشـترین شت ئەوەیە کە بـازاڕی ئازاد هەبێـت و خودی بازرگانان کاڵا و بەرهەمەکانیان بە پێشـبڕکێ بفرۆشـنەوە کە ئەمەش ڕێگرە لە بەرزبونەوەی نرخ لە بازاڕدا.

بە ڕای چالاکوانێکی قەزای کەلار، دەستەواژەی بازاڕی ئازاد بوەتە بیانو بۆ گرانی نرخ و جیاوازی زیاتر.

ئەیـاد محەمەد، باسـی لەوەکرد: ئەوە بە ئاسـانی بەدیکراوە کە ئەگەر دو فرۆشگا بە تەنیشت یەکەوە بن، کەچی نرخەکانیان وەک یەک نین، بەشـێکیان بەهۆی نەبونی چاودێرییە و بەشێکیشـیان دەیگەڕێننەوە بۆ ئەوەی بازاڕ ئازادە.

پێیشـیوایە پێویسـتە لایەنی پەیوەندیدار باج یاخود گومرکی ئەو کاڵایانـە کەم بکاتـەوە کە نرخەکانیان بـەرز بونەتەوە، وەکخۆی وتی: چونکە بازاڕی ئازاد بەمانای قۆرخکاری نایەت، بەڵکو دەبێت گومرکـی کاڵاکان گونجاو بـن، چونکە هەر بەرهەمێـک تادەگاتە دەستی هاوڵاتی نرخەکانی زیاتر دەبێتەوە.

## ٣. پێوەرەکانی دیاریکردنی نرخ لە بازاڕ دا چین؟

بەشـێکی زۆری فرۆشـیارەکان جەخت لەوەدەکەنەوە دانانی نرخ لەسـەر بەرهەمەکانیـان هیـچ پێوەرێکی نیـە، حکومەتیش باس لەوەدەکات ناتوانن فرۆشیاران ناچار بکەن بە دیارییکردنی نرخ.
مەریـوان حەسـەن، کۆفـرۆش لـە بازاڕی کـەلار، دەڵێـت: نرخ بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت، چونکە نرخ لە نێوان ڕێکەوتنی خودی کۆمپانیاکانە.
کارزان محەمـەد، خاوەنی دەرمانخانە لە کەلار، بە دوری دەزانێت هیچ پێوەرێک هەبێت بۆ دیارییکردنی نرخ.
ئـالان عەبدوڵڵا، بەرپرسـی ژمێریاریی لە قاتعـی ١٠١ لە عەلوەی کـەلار، لەبارەی شـێوازی دیاریکردنی نرخەکانیانەوە دەڵێت: نرخ لەدەستی خۆمانە و کەس نرخمان بۆ دانانێت.
ئەو نمونەی ئەوەیشـی هێنایەوە کە نرخـی هەر کیلۆیەک تەماتە ئەگـەر بە ٥١٠ دینار بکەوێت لەسـەریان، ئـەوان بە ٥٤٠ دیناری دەفرۆشن.
هەردی محەمەد، پیشەوەر لە عەلوەی کەلار، گۆڕانکاری نرخی کاڵا و کەرەسـتەکانی پەیوەستکرد بە نرخی تێچو و خەرجییەکانەوە، لەوبارەوە نمونەی ئەوەی هێنایەوە ئەمسـاڵ نرخی گاز گران بوە، هەربۆیە گواستنەوەی بارە پرتەقاڵەکانی کە لە زاخۆوە بۆی دێت کرێکەی لە ٩٠٠ هەزار دینارەوە بەرزبوەتەوە ملیۆنێک و چوارسەد هـەزار دینار، ئەمەش وادەکات هـەر کیلۆیەک پرتەقاڵ ٧٥ دینار بچێتە سەری.
جوتیـار حەسـەن، بەڕێوبەری کۆمپانیای شـەمیم گوڵبەهار، لە بارەی دیاریکردنی نرخەوە، باس لەوە دەکات بەگشـتی کۆمپانیا بۆ نرخی خۆراکەکان بەڕێژەی ٥٪ قازانج دەخاتە سـەری، پاشان کۆفرۆشـەکان ٢٪ تاوەکو دەگاتە دوکانـدارەکان ئەوانیش ڕێژەی ٦٪ دەخەنە سەر نرخە بنەڕەتیەکە.
ئەو نمونەی ئەوەیشی هێنایەوە لە تەنێک برنج دا ئەوان ٤٠ بۆ ٥٠ هەزار دینار قازانجی دەخەنەسـەر، دواتر کۆفرۆشەکانیش قازانجی خۆیانی دەخەنەسەر و دوکاندارەکانیش بەهەمانشێوە.
نوێنەری ژوری بازرگانی پیشەسازی سلێمانی لە گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات هیچ چاودێرییەک نیە لەسـەریان لە روی دیارییکردنی نرخەوە.
ئەحمـەد حاجی فاتم، وتیشـی: ئێمە هیچ چاودێریەکمان لەسـەر نرخی بازرگانەکان نیە و ١٠٠٪ بازاڕ ئازادە.
لەبەرامبـەردا، حیکمـەت ئەحمـەد، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتـی چاودێریـی بازرگانـی گەرمیان، ئاماژە بـەوەدەکات ئەوان ناتوانن نرخی کاڵا و شمەکەکان دیاریی بکەن.
وتی: باشترین پێوەر بۆ بازاڕی ئازاد خودی ڕکابەری بازرگانەکانە.
وتیشی: پێشوتر حکومەت نرخی دیاری دەکرد، بەڵام لە ئێستا دا تەنها لەکاتی هەبونی گلەیی یاخود جیاوازی زۆر ئێمە بەدواداچون و تەداخول دەکەین.
ئاماژەی بەوەشکرد: بازرگانەکان هەمو جۆرە کاڵایەک و هەرچەند بیانەوێت دەیهێنن و هیچ دەسـتوەردانێک نەکراوە لەلایەن ئێمەوە بەوەی چەند و چۆن بفرۆشرێت.
بەڵام بیابان نوری، پسـپۆڕی ئابوری باسی لەوەکرد: دانانی نرخ بەپێی تێچوەکەیەتی لەگەڵ ئەوەش چۆن و لە کوێ دەفرۆشرێتەوە، ئەگەر لەدەرەوە کاڵاکە بهێنرێت دەبێت تێچوی گواسـتنەوەکەی و گومرکەکەی لە بەرچاوبگیرێت، پاشان نرخی کاڵاکە دیاریدەکرێت.

## ٤. بەڕێوبەرایەتی چاودێری بازرگانی گەرمیان چیە و کاری چیە؟

بەڕێوبەرایەتـی چاودێـری بازرگانـی گەرمیـان، لەسـاڵی ٢٠١٢ دەستبەکار بوە، تاوەکو ئێستا بینای تایبەتی بەخۆی نیە و لەنێو بەڕێوبەرایەتیەکی دیکە دایە.
حیکمەت ئەحمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتیەکە، باسـی لەوەکرد پێـش قەیرانـی داراییـ لەشـارەوانی قـەزای کـەلار زەویمان بۆ تەرخانکراو سـەرەتا بڕی یەک ملیار و نیـو دینارمان بۆ دابینکرا بەمەبەستی دروستکردنی بینا، بەڵام هیچ کۆمپانیایەک وەرینەگرت بەهۆیەی بودجەی زۆرتری پێویستە، پاشان زیادکرا بۆ دو ملیار دینار و قەیرانی دارایی بەسەرداهات و راگیرا.
پێکهاتەی بەڕێوبەرایەتیەکە بەشەکانی: چاودێری، ئامار، خۆیەتی، ژمێریاری کۆمپانیاکان و چەند بەشێکی دیکە دەگرێتەوە.
حیکمـەت ئەحمـەد، وتـی: ئێمـە چاودێریکردنمـان لە هەرسـێ قـەزای: کـەلار، کفـری و خانەقینـە، جگە لە کـەلار کە بینای بەڕێوبەرایەتیەکەمانـی لێیـە، لـە کفـری و خانەقینیش بنکەمان هەیـە، بەڵام لـە ناحیەکان هیـچ بنکەیەکمان نیە، بـەڵام بەپێی پێویسـتی سەردانی ناحیەکان دەکەین، ڕەنگە مانگی جارێک بۆ دو جار یاخود بەپێی داواکاری بەڕێوبەری ناحیەکە.
وتیشـی: بەگشـتی ٣٥ فەرمانبەریـن کـە ٩ فەرمانبەریـان لـە قـەزای خانەقیـن و ٥ فەرمانبـەری تریـان لە کفریـن، ئەمەش بەگشـتی ژمارەیەکـی کەمە بۆ خـودی بەڕێوبەرایەتی و تەنانەت لیژنەکانیشمان، چونکە پێویستیمان بە ٢٥٠ فەرمانبەرە نەک ٣٥.
ئەو بەڕێوبەرە گرفتی نەبونی ئۆتۆمبیلی بە کێشـەیەکی دیکەیان دانا کە بە ئۆتۆمبیلی خودی بەڕێوبەریشەوە تەنها ٣ ئۆتۆمبیلیان هەیە.
لەبـارەی لیژنەکانی چاودێـری بازرگانییەوە، ئامـاژەی بەوەکرد: لـە چـوار لیژنە پێکدێن، هەر لیژنەیەکیش لە سـێ فەرمانبەرەوە دەست پێدەکات.
حیکمـەت ئەحمەد، لەبـارەی جیـاوازی کاری لیژنەکانیان لەگەڵ لیژنەکانـی قایمقامیەتـی قـەزای کـەلار، وتـی: لیژنـەی ئێمـە تایبەتمەندە بە بەڕێوبەرایەتـی خۆمانەوە، دەرچونی لیژنەکانمان هەمـو ڕۆژێکی هەفتەکەیە تەنانەت هەینیش، لیژنەکانمان تایبەت و جیاکـراوە نین وەکـو لیژنەکانی قایمقامیەت کە تایبەتمەندن بە دەرمانخانە یاخود چەند شوێنێکی دیکەوە.
ئەوەشـی خسـتەڕو، لە لیژنەکانی ئێمە بەپێی دەسەڵاتی یاسایی چاودێریـی بازرگانی مامەڵە دەکرێت، بەڵام لیژنەکانی قایمقامیەت بەپێی دەسەڵاتی قایمقام.
لەبارەی شـێوازی گرتنەبەری ڕێوشـوێن «اجراءات» لەلای ئەوان دژ بـە سـەرپێچیکاران، بەڕێوبەری چاودێـری بازرگانی گەرمیان وتی: ئێمە کاتێک سـەردانی شـوێنێک بکەین ناتوانین ڕاستەوخۆ ئیجرائات بکەین، چونکە فەرمانبەری بەڕێوبەرایەتیە جیاوازەکانمان لەگەڵ نیە و لیژنەکانی ئەوان هاوبەشن لەوەدا.
ڕونیکردەوە: کاتێک سەردانی گۆشتفرۆش یاخود عەلوە دەکەین بۆ سـزادان و دڵنیایی لە خراپی بەرهەمێک، پشت بە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری وکشتوکاڵ دەبەستین تاوەکو پشتڕاستی بکەنەوە.

## بەشی دوەم: کێشەکانی نرخ لە بازاڕ دا

### ١. جیاوازیی نرخ

بەشێکی هاوڵاتیان جەخت لەوە دەکەنەوە نرخی کاڵا و شتومەکەکان لە بازاڕ دا وەکو یەک نین و جیاوازن، هاوڵاتیەک دەڵێت: جیاوازی نرخ لەدەرمانخانەیەک بۆ دەرمانخانەیەکی دیکە ٥٠ هەزار دینار بوە!
نیگار رەشید، هاوڵاتی، وتی: لە نرخی بابەتێکی جوانکاریم پرسیەوە سەرەتا بە ٣٥ هەزار دینار بو، لە شوێنی دیکەش کە ریکلامەکەیم بینی بە ٢٠ هەزار دینار و پاشانیش لە بازاڕ بە ٦ هەزار دینار بو!
کامەران ئەنوەر، کە پیشەی مامۆستایە، لە بارەی جیاوازی نرخ لە بازاڕ دا وتی: بۆ هەمو شتێک ناجێگیریی نرخ راستە، واتە زۆرکەم ئەوە دروستە کە بۆ هەمان کاڵا هەمان نرخ هەبێت، بەزۆری لە شوێنێک بۆ یەکێکی دیکە کەمتر یاخود زیاترە، بەڵام لەهەموی زیاتر دەرمانخانەکانن کە نرخەکانیان زۆرترین جیاوازی تێدایە، جارێکیان لە دەرمانخانەیەک دەرمانم کڕی بە ٧٠ هەزار دینار، کەچی دواتر لە دەرمانخانەیەکی دیکە بە تەنها ٢٣ هەزار دینار کڕیمەوە.
ئاری عیزەدین، هەمان گلەیی هەیە و وتی: سەردانی کۆگام کرد بۆ کڕینی دەرمان، بە ٩٠ هەزار دینار دەرمانەکانم کڕی، بۆ جارێکی دیکە هەمان دەرمانم مامەڵە کرد لە دەرمانخانەکان نرخەکەی ٤٠٠ هەزار دینار بو، کەئەمە جیاوازییەکی گەورەیە.
رزگار محەمەد، خاوەنی یەکێک لە دەرمانخانەکانی نێو بازاڕی قەزای کەلار، بەڕونی باسی لەوەکرد نرخ بەبێ هیچ پێوەرێک دیاری دەکرێت، بەڵکو بەزۆری هەر کەسێک لە دەرمانخانەکەی تەنها بەپێی «ویژدانی» خۆی نرخەکە دیاریی دەکات.
لەگەڵ ئەمەشدا، عەدنان ئەحمەد، لێپرسراوی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی گەرمیان کە چاودێریی دەرمانخانەکان دەکەن و مۆڵەتی کارکردنیان پێدەدەن، وتی: بەپێی رێنمایی وەزارەتی تەندروستی، دەرمانخانەکان بۆیان هەیە تەنها بە رێژەی ١٥٪ قازانج بخەنەسەر ئەو دەرمانەی کە دەیفرۆشن.
عەدنان سەعید، خاوەنی فرۆشگای ئومێد، دەڵێت: ئێستا نرخی بازاڕ گران نیە، بەڵام جیاوازی و ناجێگیریی لە نرخەکان هەیە.
وەکخۆی وتی: نرخی خۆراک لەوانە بابەتی وشکە وەکو برنج، شەکر، چا و رۆن و...هتد، لەگەڵ مادە پاککەرەوەکان، دوکاندار ناتوانێت راستەوخۆ نرخی بخاتەسەر، چونکە پێش ئەوەی بگاتە دەستی ئێمە خۆی نرخی هەیە.
مەریوان حەسەن، خاوەنی کۆفرۆشی شێخ یاسین، رەتیدەکاتەوە ئەوان نرخێکی زۆر لەسەر بەرهەمەکان دابنێن، چونکە بە وتەی خۆی «کڕیاریان کەمدەکات و توانای بازاڕ و هاوڵاتیش نرخی زیاتر هەڵناگرێت».
ئەو باس لەوەشدەکات: کۆمپانیاکان هۆکارن، چونکە لای ئێمە رون نیە خۆیان ئەو بەرهەمە خۆراکیەی نرخەکەیان دیاری کردوە و دەیفرۆشنەوە چەندە لە راستیدا و چۆن کڕدراوە و نرخەکەی چەندە.
خاوەنی کۆمپانیای شەمیم گوڵبەهار، جوتیار حەسەن، باسی لەوەکرد قازانج و گۆڕانکاری یاخود زیاترکردنی نرخ لەسەر بەرهەمە خۆراکیەکان جیاوازە، بەڵام بەگشتی مادە بنەڕەتیەکانی وەکو: ئارد، برنج و شەکر قازانجی کەمیان لەسەرە بۆ ئێمە و بریکار و کۆفرۆشەکانیش، بەڵام بابەتەکانی دیکەی وەکو شیرینیەکان و مادە پاککەرەوەکان، بەگشتی قازانجێکی زیاتری لەسەرە.



### ٢. ناجێگیریی نرخەکان

خاوەنی فرۆشگایەک جەخت لە ناجێگیری نرخی کاڵا و شمەکەکان دەکاتەوە و دەشڵێت: بەشێکی زۆری هۆکارەکەی لای کۆمپانیاکانە، بریکاری کۆمپانیایەکیش دەڵێت: نرخەکان خۆمان دیاریمان کردوە.
محەمەد کەریم، فەرمانبەر لەقەزای کەلار، دەڵێت: نرخی هەندێک لە پێداویستی و شمەکەکان ناجێگیرن و دەگۆڕێن، بۆنمونە کارتی هێڵەکانی ئینتەرنێت، بۆشمان رون نەبوەتەوە هۆکارەکەی چیە؟
فرۆشیارێکی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە بازاڕی کەلار، جەخت لەهەبونی جیاوازی نرخەکان دەکاتەوە، دەشڵێت: تاوەکو کۆمپانیای بەرپرس نرخەکان کەمتر نەکاتەوە، ئێمە ناتوانین دەستکاری نرخ بکەین.
ئارام فایەق، باسی لەوەشکرد: نرخەکان بۆ هێڵی پەیوەندی لەوانە ئاسیاسێڵ کە نرخەکی کارتی پرییەیدی جۆری ٥ هەزاریی ئێستا ٥ هەزار و ٢٥٠ دینارە، هێڵی پەیوەندی کۆرەک تیلیکۆمیش هەمان نرخە، بەگشتی ئێمە تەنها ٢٥٠ دیناری دەخەینە سەر، بەمەش دەبێتە ٥٥٠٠ دینار.
وەکخۆی ئاماژەی پێدا، لەلایەن کۆمپانیاکان و بریکارە سەرەکیەکانیانەوە نرخ دانراوە بۆ کارتەکان و بەپێی کێبڕکێی بازاڕ نرخی بۆ دادەنرێتەوە.
لەبەرامبەردا، حیکمەت ئەحمەد، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی چاودێری بازرگانی گەرمیان، دەڵێت: ئێمە چاودێریمان لەسەر هەمو بوارەکان هەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین گۆڕانکاریەکی زۆر نیە، ئەگەر بابەتی لەو شێوەیەش هەبێت ئێمە بەدواداچون دەکەین و لێپێچینەوەش دەکرێت.
خاوەنی کۆمپانیایەک ئاماژە بە بونی هۆکارێکی تر دەکات لە بونی جیاوازی لە نرخ دا.
جوتیار حەسەن، ئاماژەی بەوەدا: ئەوان بەرهەمەکانیان هاوردەی وڵاتی هیندستانە، ئەو بەرهەمانەش رۆژانە نرخەکانیان لە بۆرسەی جیهانی دا دەگۆڕێت، ئەمەش پێوەرێکە بۆ ئەوەی نرخەکانیانی پێ دیاری بکەن.
بە بۆچونی م. بیابان نوری، پسپۆڕی ئابوری، ناجێگیری نرخ وادەکات کڕیار نەزانێت داهاتەکەی چەندی بەشی پێویستی دەکات.

### ٣. بەرزکردنەوەی نرخ

هاوڵاتیان نیگەرانن لەوەی زۆرجار نرخی کاڵاکانیان لەسەر گران دەکرێت، پسپۆڕێکی ئابوریش هۆشداریی دەدات.
ئاری عیزەدین، مامۆستا، دەڵێت: بەرزبونەوەی نرخ لە بازاڕ وایکردوە داهاتمان سنوردار بێت، بەتایبەت بۆ ئێمەی مامۆستایان، بەتایبەتی لەکاتی بەرزبونەوەی نرخی دۆلار کە وایکردوە تەنها بتوانین شتی سەرەکیەکانمان و خۆراک بکڕین.
کامەران ئەنوەر، دەڵێت: ئێستا بەهای پارەمان کەمترە لە ئاست کڕین لە بازاڕدا، بۆیە بەرونی گرانی بە کاڵاکانەوە دیارە.
بیابان نوری، پسپۆڕی ئابوری و دارایی و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات: بەرزبونەوەی نرخ وادەکات هەڵاوسان دروست بێت، ئەمەش لە دەرەنجام دا دەبێتە هۆی ئەوەی بەهای پارەی تاک کەم دابەزێت، بەشێوەیەک رەنگە ١٠٠ هەزار دیناری ئەم مانگە بۆ مانگی داهاتو بەهاکەی ببێتە ٨٠ هەزار دینار.

### ٤. بونی قۆرخکاریی

ئەگەرچی هاوڵاتیان و فرۆشیاران جەخت لەهەبونی قۆرخکاری دەکەنەوە لە بازاڕدا، بەڵام بەڕێوبەرایەتی چاودێریی بازرگانی گەرمیان رەتیدەکاتەوە بەو ئەندازەیە قۆرخکاری هەبێت.
عەدنان سەعید، فرۆشیار، باس لەوەدەکات ئەو بازاڕەی ئێستا هەیە و بە «بازاڕی ئازاد» ناودەبرێت، دەرفەتی بە قۆرخکاری زیاتر داوە، کە ئەمەش زیانی بۆ ئەوانیش هەیە.
نیگار رەشید، هاوڵاتی، دەڵێت: بچوکترین دەرفەت هەبێت قۆرخکاری دەکرێت.
باسی لەوەشکرد: نرخەکان بەپێی دۆخەکان دەقۆزرێتەوە.
مسلم حاجی، خاوەنی کۆمپانیای کەیوان بۆ کەرەستەی بیناسازی، دەڵێت: نرخەکان لە سەر فرۆشیاران زیادکراون، پێشوتر لە ئێرانەوە چیمەنتۆم دەهێنا تەنێک تاوەکو بازاڕی کەلار ٤٠ هەزار دینار بو، بەڵام ئێستا لە سلێمانی دەیهێنم ١٠٠ هەزار دینار لەسەرمە، بۆیە ئەمە قۆرخکاری سەروترە، من شەڕی حزبم پێناکرێت و هاوڵاتیش ناتوانێت شەڕی ئێمە بکات.
هەردی محەمەد، کاسبکار لە عەلوەی کەلار، دەڵێت: بە ئاشکرا قۆرخکاری هەیە، لە ماوەی پێشوتردا لیمۆ لە بازاڕ کەم بویەوە، جۆرێکی خراپی لیمۆ خرایە بازاڕەوە و کیلۆیەکیشی بە ١٠٠٠ دینار دەفرۆشرا.
لەبەرامبەردا، حیکمەت ئەحمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی چاودێریی بازرگانی گەرمیان، دەڵێت: هەبونی بازاڕی ئازاد و پێشبڕکێی خودی بازرگانەکان بەپێی بەدواداچونی ئێمە قۆرخکاری کەمدەکاتەوە، چونکە ئەمە وادەکات پێشبڕکێ بکرێت و تەنها یەک کەس نرخ دانەنێت، بۆیە ئەمە رێگری لە قۆرخکاری کردوە نەک بە پێچەوانەوە.
پشتیوان حەسەن، بەرپرسی لیژنەکانی قایمقامیەتی کەلار، هاوڕایە لەوەی وەکو حکومەت دەرفەتی قۆرخکاریان نەداوە.
هاوکات نوێنەری ژوری بازرگانی سلێمانی لەگەرمیان، رەتیدەکاتەوە قۆرخکاری لە بازاڕدا هەبێت.
ئەحمەد حاجی فاتم، وتی: قۆرخکاری نیە، بەڵکو بازرگانەکان لەسەر نرخ کە کەهاوڵاتی خوازیاری کەمترین نرخە پێشبڕکی دەکەن، ئەمەش لەسودی هاوڵاتیانە.



### ٥. کێشەی دۆلار و لێکەوتەی لەسەر بازاڕ

کۆمپانیاکان بەشێکی هۆکاری روودانی جیاوازی لە نرخ و بەرزکردنەوەی نرخەکان، دەگەڕێننەوە بۆ بابەتی گۆڕانکاریی بەردەوام لە نرخی دراوی بیانی و دۆلاری ئەمریکی بەتایبەتی.
محەمەد کەریم، فەرمانبەر، باس لەوەدەکات گۆڕانکاری نرخی دۆلار نەیتوانیوە نرخی بازاڕ هەرزان بکات، وەکخۆی وتی: کاتێک بەهای سەد دۆلار گەیشتە ١٧٠ هەزار دینار راستەوخۆ نرخ بەرزبووەوە، کەچی کاتێک بەهای دۆلار داشکا، هەست بەهیچ گۆڕانکاریەک نەکرا.
خاوەنی کۆمپانیاکان و فرۆشگاکانیش باس لەوەدەکەن بەهای دۆلار هێشتا جێگیر نیە، ئەمەش هۆکارە بۆ ناجێگیریی نرخ.
پشتیوان عەبدولڕەحمان، بریکاری کۆمپانیای جیهان لە کەلار، وتی: کاڵاکان بە دۆلار دەکڕین و نرخی دۆلاریش جێگیر نیە و دەگۆڕێت.
وتیشی: لەهێنانی بابەتێک بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی هەیە، هەندێکجار دۆلار بە ١٣٥ هەزار دینار مامەڵە پێوە دەکەین، بۆ نمونە بۆ کارتۆنێکی چا کە ٢٢ دۆلار لەسەر خۆمانە، بەڵام بۆ هێنانی دایبی کە لە زاخۆوە بۆمان دێت، نرخی دۆلار بە ١٤٦ هەزار دینار لێمان وەردەگیرێت، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر دانانی نرخەکانمان.
بەوتەی خاوەنی کۆمپانیایەک، بەوهۆیەی دۆلاریان بە نرخی بانکی ناوەندی پێنادرێت، هەربۆیە نرخەکانیش بەپێی بازاڕ دەگۆڕێن.
جوتیار حەسەن، بەڕێوبەری کۆمپانیای شەمیم گوڵبەهار، رەتیدەکاتەوە دۆلاریان بەهەمان نرخی دیاریکراوی حکومەتی عێراق پێبدرێت کە ١٣٢ هەزار دینارە، بەڵکو دەڵێت: تاوەکو ئێستا دۆلار بە نرخی بازاڕ وەردەگرین، چونکە حەواڵەکانی حکومەت دوادەکەوێت، بەمەش خۆمان دەیکڕینەوە بە نرخێکی زیاتر.
بەرپرسی لیژنەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار، پشتیوان حەسەن، لەمبارەیەوە دەڵێت: ئێمە بە زۆری روبەڕوی ئەوە دەبینەوە کە پێماندەوترێت کاتێک بەهای دۆلار بەرزبووەوە فرۆشیاران نرخی شمەکەکانیان بەرز دەکەنەوە و کاتێکیش بەهای دۆلار دادەبەزێت نرخی شمەکەکان دانابەزێنن و دەڵێن ئەو کاتەی کڕیومانە بەهای دۆلار گران بوە.
پێیشیوایە کۆنترۆڵی بازاڕ بە رێژەی سەداسەد نیە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆرباش چاودێریی کراوە.

## ٦. پرسی چاودێریی بازاڕ و نرخ

هاوڵاتیان تێبینیان هەیە لەسەر چاودێریی حکومەت لەبارەی نرخ لە بازاڕدا، حکومەتیش دەڵێت چاودێریی دەکەین، بەڵام نرخ دیاریی ناکەین.

نیگار رەشید، هاوڵاتی، باس لەوەدەکات لە چاودێری نرخی شتومەک هەتاوەکو کوالێتی شتومەکەکان، هاوڵاتی خۆی چاودێرە، لایەنی پەیوەندیداریش کەمتەرخەمن.

ئالان عەبدوڵلا، فرۆشیار، باس لەوەکات لیژنە حکومییەکان سەردانیان دەکەن، بەڵام ناتوانن نرخ بگۆڕن، وتیشی: ئەگەر بڕیار بێت پێمانبوترێت شتێک هەرزان بکە، منیش پێیان دەڵێم سەرەتا گومرکم بۆ کەمبکەنەوە.

هەردی محەمەد، کاسبکار لە عەلوەی کەلار، دەڵێت: لیژنە ناتوانێت کۆنترۆڵی عەلوە بکات، ئەگەر ئەمڕۆ پرتەقاڵ بە ٦٠٠ دینار بێت ئەتوانم سبەی کە کەس نەیبێت بیدەمەوە بە ٧٠٠ دینار.

کامەران ئەنوەر، هاوڵاتی، باس لەوەدەکات کە گرنگترین شت ئەوەیە چاودێریی سەرچاوەکان بکرێت، چونکە بە وتەی خۆی «بازاڕ لەلایەن ئەوانەوە ئاڕاستە دەکرێت».

مسلم حاجی، خاوەنی فرۆشگای کەیوان، دەڵێت: لەلایەن هیچ لیژنەیەکەوە چاودێری نەکراوین.

هاوکات، مەریوان حەسەن، کۆفرۆش لە بازاڕی کەلار، وتی: لیژنەکان ناتوانن چاودێری نرخ بکەن، چونکە ئەگەر پرسیاری نرخێکمان لێبکرێت هەرچەند بڵێین ئەو چوزانێت نرخەکەی چەندە.

جیاواز لەوانەش، رزگار محەمەد، کە خاوەنی دەرمانخانەیە، دەڵێت: لیژنەکان هاتون، بەڵام نەمبینیوە لە نرخ بپرسنەوە.

پشتیوان حەسەن، بەرپرسی لیژنەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار، دەڵێت: ئێمە چاودێریی نرخ دەکەین کاتێک نرخەکان بە تایبەت بەهەماهەنگی چاودێریی بازرگانی گەرمیان بەردەستە، کە بۆ نمونە ئەمڕۆ لە عەلوەی کەلار نرخەکان چۆنن بەراوردی بەیەکتر دەکەین ئەگەر زیاتر بو لێپێچینەوە دەکەین.

لایخۆشیەوە بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی چاودێریی بازرگانی گەرمیان، حیکمەت ئەحمەد، باسی لەوەکرد: زۆر بوار هەیە ناتوانین دەستوەردان بکەین لە دیارییکردنی نرخەکانیان دا، بەڵام ئەگەر کاڵایەک هەمان بابەت و هەمان کارگە و وڵات بو و لە نرخ دا جیاوازی هەبو لەلای فرۆشگاکان، ئەوا بێگوان ئیجرائاتمان کردوە.

ئاماژەی بەوەشدا کە بەهۆی ئەوەی توانایان سنوردارە و ستافی پێویستیان نییە، ناتوانن بە تەواوی لیژنە دابمەزرێنن و لە هەمو بوارەکاندا چاودێریی ورد بکەن.

بەڵام هەمو بوارەکانی بازاڕ لە روی دیارییکردنی نرخەوە وەکو یەک نین، بەڵکو بوارێکی وەکو گۆشتی ئاژەڵ، لە روی نرخەوە حکومەت دەستوەردان دەکات و نرخەکان دیاریی دەکات.

سامان عەلی، خاوەنی گۆشتفرۆشی سامان لە بازاڕی کەلار، دەڵێت: ئێمە وەک دوکانەکانی تر نین، بەڵکو ئەو نرخەی بۆ گۆشت دیاری دەکرێت بەهاوبەشی بەڕێوبەرایەتی چاودێریی بازرگانی گەرمیان بۆمان دیاری دەکرێت.

لەوبارەوە، حیکمەت ئەحمەد، باسی لەوەکرد: بۆ نرخی گۆشت ئێمە لیژنەیەکی تایبەتمەندمان هەیە کە خودی فرۆشیارەکانی تێدا هەن، ئەم لیژنەیە رەچاوی ئەوەدەکات نرخی گۆشت چەندە لە مەیدانی ئاژەڵان، واتا چەند لەسەر دوکاندارەکە دەکەوێت بە لەبەرچاوگرتنی باج و خەرجیی دوکانەکە، قازانجەکەی دیاریدەکرێت، بۆ نمونە: کاتێک نرخی کیلۆیەک گۆشت لە مەیدانی ئاژەڵ لەسەر دوکاندار بە پێنج هەزار و نیو کەوتوە، ئێمە نرخەکەیمان بۆ دوکاندار بە ١٣ هەزار دیاریکردوە.

لەبارەی ئەوەی چۆن دەستوەردان لە دیارییکردنی نرخی گۆشت دەکەن لە کاتێکدا وەکخۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن بازاڕ ئازادە و نابێت حکومەت دەستوەردان بکات؟ حیکمەت ئەحمەد وتی: چاودێری نرخی گۆشت بەهۆی رێگەگرتنە لەزۆربونی قۆرخکاری نەوەک جیاوازی لە هەر بەرهەمێکی دیکە، بەڵکو بۆ ئەوەی جیاوازی لە نرخ بە رادەیەکی بەرچاو دروست نەبێت، چاودێری و دەستوەردانمان کردوە.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی بۆچی هەمان شت بۆ شمەک و کاڵاکانی دیکە ناکەن؟ بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی چاودێریی بازرگانی گەرمیان، وتی: بۆ بەرهەمەکانی دیکەش هەروادەکەین ئەگەر جیاوازیەکی زۆر لەنرخەکانیان هەبێت، چونکە ئێمە چاودێری تەواوی هەر بەرهەمێکی خۆراکی لەهێنانیەوە تاوەکو کوالێتی و نرخ و شوێنەکەی لەنێو بازاڕدا دەکەین.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجامەکان

١. لــە هەرێمــی کوردســتان و لەنێویشــی دا گەرمیــان، کار بــە سیســتەمی «بــازاڕی ئــازاد» دەکرێت، بــەو مانایەی حکومــەت دەســتوەردان نــاکات لە بازاڕدا لــە دیارییکردنی نرخی شــمەک و پێداویســتییەکان، بەڵام ئەم دەســتوەرنەدانە بەشــێوەیەکی بــڕاوی «قطعــی» نیــە، چونکــە لەهەندێــک بــوار هەیــە هێشــتا حکومــەت دەســتوەردان دەکات و نرخ دادەنێــت، بۆنمونــە لــە بواری گۆشــت، هــەر ئەمەش وایکــردوە پســپۆڕێک بازاڕەکــە بە «شــێواو» ناوببــات لە بری «ئازاد».

٢. بەشــێکی زۆری هاوڵاتیــان تائێســتاش لەبــارەی چیەتــی بــازاڕی ئــازادەوە زۆر نازانــن، بەڵکــو تائێســتاش داوای دەســتوەردانی حکومــەت دەکــەن، کــە ئــەم دەســتوەردانەش لــە سیســتەمی بــازاڕی ئــازاد دا ڕێگەپێــدراو نیە.

٣. وەک پیشــەوەران و حکومەتیــش جەختــی لێدەکەنــەوە، حکومــەت ڕۆڵــی نیــە لــە دیارییکردنی نــرخ، بەڵکو ئەوەی ڕۆڵــی هەیــە بریتییــە لــە: نرخــی نێودەوڵەتــی شــمەکەکە، ڕادەی تێچــوی گواســتنەوەی شــمەکەکە، ڕادەی بــاج و گومــرک، نرخــی دۆلار، لــە ســەروی هەمو ئەمانەشــەوە، خواســت و خســتنەڕوی بازاڕ (عــرض و طلب).

٤. هاوڵاتیان پێیانوایە بازاڕ زۆر کێشــەی هەیە، دیارترینیان:
ا. جیاوازیی نرخەکان: بەشــێوەیەک هەمان کاڵا و بەرهەم لە فرۆشــگاکان دا بە چەند نرخێکی جیاواز دەفرۆشــرێن.
ب. ناجێگیریــی نرخــەکان: بەشــێوەیەک نرخەکان بــەرز و نزمــی زۆر بەخۆیانەوە دەبینــن، ئەمــەش وادەکات دڵەڕاوکێ لەلای هاوڵاتی دروســت بکات.
ت. بەرزکردنەوەی نرخ: بەشــێوەیەک زۆرجار فرۆشــیارەکان دەتوانن خۆیان نرخەکان لەسەر هاوڵاتیان گران بکەن.
پ. بونــی قۆرخکاریــی: بەو مانایەی بازرگانەکان دەســتبگرن بەســەر ســێکتەر و بوارێکدا بازاڕدا و بە دڵــی خۆیان نرخی کاڵاکانــی ئەو ســێکتەرە دیاریی بکەن.

٥. لەگــەڵ بونــی ئــەم کێشــانەدا، هاوڵاتیــان نیگەرانن لــەوەی حکومەت ڕۆڵــی نیە لە چارەســەری کێشــەکان و زۆرتر وەکــو تەماشــاکەر دەردەکەوێــت، لەکاتێکــدا حکومەتیــش ئاماژە بــەوەدەکات بەوپێیــەی بازاڕەکە ئازادە، بۆیــە ناتوانن ئــەوەی هاوڵاتیــان داوای دەکــەن بەدیی بێنن.

٦. هەندێــک بابــەت هــەن کە هــۆکاری زەقن بــۆ بەرزبونەوەی نــرخ و ناجێگیــر بونی، یەکێــک لەو هۆکارانــەش نرخی دۆلارە، بــەڵام ئــەوەی وایکــردوە ئــەم کێشــە زەق بێتــەوە، نەبونــی چارەســەرێکی وەهایــە لەلایــەن حکومەتەوە کە ســەقامگیریی بــە بــازاڕ بدات، هــەروەک ببێتە پاســاوێکیش بەدەســت هەندێک لە بازرگانانــەوە بــۆ گۆڕانکاریی کردن لە نــرخ و بەرزکردنەوەی.

## دوەم: راسپاردەکان

- بازاڕ لە هەمو کۆمەڵگایەکدا گرنگیی زۆری هەیە و بڕبڕەی پشتی ئابوریی وڵاتە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دا هەست بەوەدەکرێت دەسەڵات زۆر بە وردیی ئەم بوارەی رێکنەخستوەتەوە، هەربۆیە جۆرێک لە پشێویی و ناڕەزایەتیش دروست بوە.
گرنگە حکومەت بە ئەنجامدانی کۆنفرانس و وەرگرتنی بۆچونی شارەزایان، هەوڵی رێکخستنەوەی بازاڕ بدات و کەموکورتییەکانی چاک بکاتەوە و کەلێنەکانی پڕ بکاتەوە و یاسای تایبەت و پێشکەوتوی بۆ دەربکات.

- پێویست دەکات دەسەڵات (حکومەت) رۆڵی هەبێت لە ناساندنی چیەتی بازاڕ چ بە هاوڵاتیان و چ بە کاسبکارانیش، ئەو خاڵانەی بەلای هاوڵاتیەوە رون نین بۆیان رون بکرێتەوە. هەروەک ئەو دۆخ و برگە و بوارانەش بخرێنەڕو کە تیایدا حکومەت دەتوانێت دەست لە کاروباری بازاڕ وەربدات، بۆ ئەوەی بەرچاویان رون بێت و لە کۆی گشتی دیمەنەکە تێبگەن.

- زۆر گرنگە لەگەڵ رەخساندنی دەرفەت بۆ بازرگانی ئازاد، ئەو رێکارانەش توند بکرێنەوە کە دەکرێت کەسانێک بۆ قۆستنەوەی ئەم ئازادییە بەکاری دێنن، لەنێویشیدا پرسی قۆرخکاریی بازاڕ، کە دەبێت میکانیزمی رون و پتەو دابنرێت، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان زیانمەند نەبن.

- پێویستە حکومەت شەفاف بێت لەو رێکارانەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخ هەندێکجار دەیگرێتە بەر، بەشێوەیەک هەم هاوڵاتیان بەشداریی پێبکات و هەم خاوەنکارەکانیش، هەروەک بۆ رایگشتیش بیخاتەڕو.

- بەڕێوبەرایەتی چاودێریی بازرگانی گەرمیان، وەکو فەرمانگەیەکی حکومیی و لە روی بونیادەوە کێشە و گرفتی زۆرە، هەر لە نەبونی کادیری پێویست و بینا و ئۆتۆمبیل و ..هتد، حکومەت پێویستە لەمڕووەوە گرنگی بە بەڕێوبەرایەتیەکە بدات و بەهێزی بکات، بۆ ئەوەی لە کارەکانی دا سەرکەوتو بێت.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net